# ئایا جارێکی تر، ژیانی ئاسایی بۆگوندنشینانی سەر سنور دەگەڕێتەوە؟

کاریگەرییەکانی ئۆپەراسیۆنی چنگی—هەورە
بروسکەی تورکیا بۆسەر هاوڵاتیانی مەدەنی



CPT

# ئایا جارێکی تر، ژیانی ئاسایی بۆ گوندنشینانی سەر سنور دەگەڕێتەوە؟

## کاریگەرییەکانی ئۆپەراسیۆنی چنگی-هەورە بروسکەی تورکیا بۆسەر هاوڵاتیانی مەدەنی

---

حوزەیرانی ٢٠٢١


**Christian Peacemaker Teams - Iraqi Kurdistan**

cptiraq@cpt.org

(+964) (0) 770 291 6487
www.facebook.com/cpt.ik

www.cptik.org

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پوختە | 4 |
| دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی سەربازی چنگی- هەورە  بروسكە بۆسەر گوندی كێستە | 5 |
| گوندی چەلكێ: هیچ شوێنێک نیە بۆ هەڵهاتن | 6 |
| لە گوندی هرورێ ژیان لە مەترسیدایە | 6 |
| ئۆپەراسیۆنەكەی توركیا هێرشەكانی بۆ ڕۆژهەڵاتی كێستە درێژ دەكاتەوە | 7 |
| زەرەر و زیانی ئابوری و ژینگەیی ئۆپەراسیۆنەكە بۆسەر ناحیەی كانی ماسێ | 8 |
| كاریگەریەكانی ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسكە بۆسەر ناوچەی ئاڤا شین | 9 |
| بریندار‌بوونی هاوڵاتیانی مەدەنی بەهۆی ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسكە | 10 |
| سەرەنجام | 11 |
| ڕاسپاردەكان | 12 |
| پاشكۆ - پێناسی جوگرافی | 13 |
| نەخشەی هەژموون و فراوانكردنی دەسەڵاتی سەربازی توركیا لە هەرێمی كوردستانی عێراق | 14 |

## پوختە

ئەم ڕاپۆرتە، کاریگەرییەکانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی چنگی- هەورە بروسکەی سوپای تورکیا بۆسەر هاوڵاتیانی مەدەنی هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەڵگەنامە دەکات. ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکە، ئۆپەراسیۆنی سەربازی سەر سنورە، کە لە ٢٣ی نیسانی ٢٠٢١ لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە ڕاگەیەندرا. تورکیا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ئۆپەراسیۆنە پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە" بە ئامانج دەگرێت بۆ ڕیشەکێشکردنی تیرۆریزم لە کوردستانی عێراقدا. هەر لەگەڵ دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکەدا، بۆ دروستکردنی بنکە و بارەگای سەربازی، تورکیا بە درێژایی سنوری نێوان تورکیا-عێراق بە هاوکاری هێزی ئاسمانی و تۆپخانە سەربازییەکانی، سەربازی دابەزاندۆتە خوارەوە. بە دروستکردنی ئەو بنکە و بارەگا سەربازیانە، تورکیا پێشڕەوی زیاتری بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان کردووە لە پێناو دروستکردنی ئەو ناوچەیەی کە بەرپرسانی تورکیا وەک "ناوچەی ئارام" ناوی دەبەن، بە درێژایی سنوری نێوان تورکیا-عێراق. هەر لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە لەلایەن تورکیاوە، شەڕ و پێکدادانەکان لە نێوان تورکیا و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا لەو ناوچانەدا چڕبوونەوە. دواتر تورکیا دەستی کرد بە بۆردوومانکردنی ئەو ناوچانە بە بیانووی بە ئامانج گرتنی گەریلاکانی پەکەکە، بەڵام تیمی کوردستانی عێراقی سی پی تی، چەندین هێرشی ئاسمانی و تۆپبارانی ڕاستەوخۆی سوپای تورکیای بۆسەر هاوڵاتیانی مەدەنی تۆمارکردووە.

لە کاتێکدا تورکیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان لەو ئۆپەراسیۆنەدا پارتی کرێکارنی کوردستانیان بە ئامانج گرتووە، بەڵام لە ڕاستیدا هاوڵاتیانی مەدەنی ناوچە سنورییەکان قوربانی یەکەمی بۆردوومانەکانی تورکیان. ئەو بۆردوومانانە بوونەتە هۆی وێرانکردنی ناوچەیەکی فراوانی سەر سنور، کە سەدان خانەوادە تیایدا دەژین. هەزاران دۆنم زەوی کشتوکاڵی و نزیکە ١،٣٠٠ پورەی هەنگ، کە سەرچاوەی سەرەکی بژێوی ژیانی هاوڵاتیانی مەدەنین لەناوچوون. بۆردوومانەکانی تورکیا بە تەنیا مەترسیان بۆسەر بژێوی ژیانی ئەو هاوڵاتیانە دروستنەکردووە، بەڵکو بوونەتە مایەی مەترسی بۆ سەر گیانیشیان. لە دەستپێکی ئەو ئۆپەراسیۆنەوە تاوەکو ئێستا ٤ هاوڵاتی مەدەنی برینداربوون و لە ترسی هێرشە کانی تورکیا، زیاتر لە ١،٥٠٠ گوندنشینی ٢٣ی گوندی سەر سنور گوندەکانیان بەجێهێشتووە. تیمی کوردستانی عێراقی سی پی تی، مەترسی خۆی ڕادەگەیەنێت لەوەی کە ئەو خانەوادانە هەرگیز نەتوانن بگەڕێنەوە بۆسەر ماڵ و ژیانی ئاسایی خۆیان، بەهۆی دروستکردنی بنکە و بارەگای سەربازی لە نزیک گوندەکانیان لەلایەن تورکیاوە کە تۆپخانەیان تێدا جێگیرکراوە و بوونەتە سەرچاوەی مەترسی بۆسەر ژیانی ئەو هاوڵاتییە مەدەنیانە.

نابێت هاوڵاتیانی مەدەنی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە شەڕی نێوان تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستاندا بە ئامانج بگیرێن. لە پێناو پاراستنی گیانی هاوڵاتیانی مەدەنی و گەڕانەوەی گوندنشینان بۆسەر ماڵ و ژیانی ئاساییان، پێویستە تورکیا بەپەلە ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییە ڕابگرێت.

## دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی سەربازی چنگی- هەورە بروسکە بۆسەر گوندی کێستە

لەکاتێکدا گوندنشیانی گوندی کێستە، سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ بەربانگی ئێوارە و شکاندنی ڕۆژووەکانیان، لە ٢٣ی نیسانی ٢٠٢١، کاتژمێر ٦:٣٥ خولەکی ئێوارە، تورکیا بە بۆردومانکردنی دەوروبەری گوندی کێستە دەستی کرد بە ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکە. لەماوەی یەک هەفتەدا تورکیا بەردەوام بوو لە بەئامانج گرتنی زناری کێستە و فڕۆکەی جەنگی، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، تۆپخانە و هێلیکۆپتەرە سەربازییەکان بە بەردەوامی بۆردوومانی ناوچەکەیان دەکرد. هەروەها سوپای تورکیا لەڕێگەی هێلیکۆپتەرەوە چەندین سەربازی خستە خوارەوە بۆ گرتنی زناری کێستە و دروستکردنی بارەگای سەربازی لەسەر چیاکە، کە ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی چەندین شەڕ و پێکدادان لەنێوان سەربازانی تورکیا و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.

شەڕ و پێکدادانەکانی تورکیا لە زناری کێستە، کاریگەری توندی لەسەر ژیانی گوندنشینانی گوندی کێستە هەبوو. کاک مەحموود، موختاری گوندی کێستە بە سی پی تی گووت، "پێکدادانە سەربازییەکان لە شەواندا زۆرترن. هەموو شەوێک ئێمە منداڵەکان لە گوند دەبەینە دەرەوە و دەیانبەین بۆ گوندی چەلکێ و شەوەکەی لەوێ دەمێنینەوە. لە بەرەبەیانیاندا منداڵەکان دەهێنینەوە بۆ ناو گوند. منداڵەکانمان ترساون." یەک ڕۆژ لەدوای دیدارەکەی سی پی تی لەگەڵ کاک مەحمود و گوندنشیانانی گوندی کێستە، لە ٤ی ئایاردا، تۆپخانەکانی تورکیا دەستیانکرد بە تۆپبارانکردنی ناو گوندەکە کە ٣٤ خێزان تیایدا نیشتەجێبوون. لەڕۆژی تۆپبارانکردنەکەدا تەواوی دانیشتووانی گوندەکە ناچاربوون بە بەجێهێشتنی دەستبەجێی گوندی کێستە و ئاوارەبوونیان بۆ گوندی چەلکێ و گوندەکانی تری دەوروبەریان.

بۆردوومانەکانی تورکیا، بە تەنیا نەبوونەتە مایەی مەترسی بۆسەر گیانی هاوڵاتیان، بەڵکو بۆردوومانەکان پانتاییەکی بەرفراوانی زەوی کشتوکاڵی ناوچەکەیان وێرانکردووە. لە ڕۆژی ٣ی ئایاردا، ئەندامانی تیمی کوردستانی عێراقی سی پی تی، سوتانی ڕوبەرێکی فراوانی زەوی کشتوکاڵی و سەدان داری میوەیان بە درێژایی چیاکانی دەروربەری گوندی کێستە، بە بەڵگەنامە کرد. کاک سەعید، یەکێک لە پیاوە بەتەمەنەکانی گوندی کێستە بە سی پی تی گووت، "ئەمە خاکی باب و باپیرانمانە. نامانەوێت ئەم خاکە بەجێبهێڵین. ئەوەی کە سەدام حوسێن پێی نەکردین، ئێستا تورکیا پێمانی دەکات."



## گوندی چەلکێ: هیچ شوێنێک نیە بۆ هەڵهاتن

کاتێک گوندنشینانی گوندی کێستە لەدەست مەترسییەکانی ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکە گوندەکەیان بەجێهێشت، ڕوویان کردە گوندی چەلکێ. لەدوای چەند ڕۆژێک لە ئاوارەبوونیان بۆ گوندی چەلکێ، هاوڵاتیانی مەدەنی گوندی کێستە لە ٨ی ئایاردا جارێکی تر ئاوارەبوونەوە بەهۆی ئەوەی تۆپبارانی تۆپخانەکانی تورکیا گەیشتنە گوندی چەلکێ. تۆپبارانەکان تەواوی گوندنشینانی گوندی چەلکێ-یان ناچار بە جێهێشتنی گوندەکەیان کرد کە ژمارەیان ٢٣ خێزان بوو، کاک مەحمود موختاری گوندی کێستە، بە سی پی تی گووت، "خەڵکەکەمان بە تەواوی نائومێد و بێچارە بوون. ئێستا لە خێمەدا ژیان دەگوزەرێنین. ناچاربووین هەموو مەڕوماڵاتەکانمان بفرۆشین. بۆردومانەکان تەواوی پورەی هەنگەکانیان لەناو بردووە. پێویستیمان بە یارمەتیە."



کاک مەحمود و کاک سەعید بۆ دوو ئەندامی سی پی تی قسە دەکەن.

## لە گوندی هرورێ ژیان لە مەترسیدایە

لە یەکەم شەوی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکەدا، تورکیا لە ڕێگەی فڕۆکە جەنگی و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانیەوە، لە ١٢ هێرشی ئاسمانیدا چیای پشتی هرورێ-ی بۆردومانکرد. سوپای تورکیا لە ڕێگەی هێلیکۆپتەری سەربازیەوە سەربازەکانی خستە خوارەوە بۆ دەستپێکردنی داگیرکاری زەمینی. هێزەکانی تورکیا، تاوەرێکی گەیاندنیان لەسەر چیای پشتی هرورێ جێگیرکرد کە دەڕوانێتە گوندی هرورێ و دۆڵایی ناوچەکە. وە دەستیانکرد بە دروستکردنی ڕێگای سەربازی بۆ بەستنەوەی بارەگا سەربازیەکە بە تورکیاوە. کاتێک ئەندامانی تیمی کوردستانی عێراقی سی پی تی، لە گوندی هرورێ چاویانکەوت بە گوندنشینانی گوندەکە، کۆمەڵێک منداڵ و گەنج بە دووربین سەیری بارەگە سەربازییە نوێیەکەی تورکیایان دەکرد لەسەر چیاکە.

لەسەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکەوە تاوەکو ئێستا، تورکیا چەندین جار بۆردوومانی ئەو ناوچانەی سنوری گوندی هروریٚ کردووە کە تیایدا گوندنشینان ئاژەڵەکانیان بەخێودەکەن و ڕووەکی خۆرسکی بەهارەی تێدا کۆدەکەنەوە. کاتێک جوتیارەکان خەریکی کاری کشتوکاڵین، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بەسەر سەریاندا دەسوڕێنەوە. دانیشتووانی گوندی هروریٚ بە سی پی تی-یان گووت، کە بۆردوومانەکان و دەنگی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان منداڵەکانیان توشی تراوما کردووە. کاک ئازاد، موختاری گوندی هروریٚ بە سی پی تی گووت، "منداڵەکان دەتۆقن کاتێک گوێیان لە دەنگی فڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و فڕۆکە جەنگییەکان دەبێت. کاتێک فڕۆکەکان دێن، منداڵەکان دەقیژێنن و ڕادەکەنە ژوورەوە، خۆیان بشارنەوە." ژمارەی خێزانەکانی گوندی هروریٚ ٤٤ خێزانە و نیوەی خێزانەکان لەترسی بۆردوومانە بەردەوامەکانی ئەم دوایانەی تورکیا گوندەکەیان بەجێهێشتووە.

ئەو خانەوادانەی کە تاوەکو ئێستا لە گوندی هروریٚ-دا ماونەتەوە و هێشتا گوندەکەیان جێنەهێشتووە، لە ئێستادا لەلایەن سوپای تورکیاوە ڕووبەڕوی مەترسی بەجێهێشتنی بەپەلەی گوندەکەیان کراونەتەوە. لە ٢٨ی ئایاردا، عەباس مستەفا و دوو جوتیاری تری گوندی هروریٚ چوون بۆ ئاودانی زەویە کشتوکاڵییەکانیان لە دامێنی چیای پشتی هروریٚ. لەوکاتەدا گورپێک سەربازی سوپای توکیا بە یاوەری وەرگێڕیکی زمانی کوردی بە چەکەوە لە بارەگە سەربازییەکانیان هاتنە خوارەوە و لە جوتیارەکان نزیک بوونەوە. سەربازەکان بە جوتیارەکانیان گووت کە ئەوان چیتر ڕێگە پێدراونین کە بێنە سەر زەوی و زارەکانیان و لەمەودواش ناتوانن کە لەسەر ڕێگاکانی دەروبەری گوندی هروریٚ بە ئۆتۆمبێل هاتوچۆ بکەن. سەربازەکان بە جوتیارەکانیان گوتووە کە ئەگەر چیتر گوندنشیاننی هروریٚ بێن بۆ سەر زەوی و زارەکانیان ئەوا، سەربازانی تورکیا وەکو گەریلاکانی پەکەکە هەژماریان دەکەن و بۆردوومانیان دەکەن. لەدوای ئەم ڕووداوە، عەباس مستەفا و چەند دانیشتووێکی تری گوندی هروریٚ گوندەکەیان بەجێهێشت. عەباس مستەفا بە سی پی تی، گووت، "من هەرگیز ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ سەر زەوی و زاری خۆم." دواجار هەڕەشەکانی سوپای تورکیا بۆسەر گوندنشینانی گوندی هروریٚ بوون بە ڕاستی و لە ١ی حوزەیراندا، هێزەکانی تورکیا تۆپبارانی زەوی هاوڵاتیەکی گوندی هروریٚ-یان کرد. ئەو هاوڵاتیە ناوی ڕەمەزان عەلی-ە و تەمەنی ٧٠ ساڵە. کاتێک ڕەمەزان خەریکی ئاودانی زەویەکەی دەبێت، تۆپێک بەر زەویەکەی دەکەوێت و لە ئەنجامدا بەهۆی بەرکەوتنی پارچە تۆپ، ناوبراو بریندار دەبێت.

## ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا هێرشەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کێستە درێژ دەکاتەوە

لە دوای دروستکردنی چوار بارەگای سەربازی لەسەر شاخەکانی دەوروپشتی گوندی کێستە و هروریٚ، سوپای تورکیا دەستیکرد بە بەئامانج گرتنی گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کێستە. تۆپخانەکانی تورکیا زەوی و زاری ناو سنوری گوندەکانی ئەدنیٚ، ئورە، سەرەڕۆ، میسکە و دشیشیٚ-یان تۆپبارانکرد. ئەو گوندانە دەکەونە نێوان گوندی کێستە و ناحیەی کانی ماسیٚ.

لە گوندی ئەدنیٚ، بۆردوومانەکانی تورکیا پڕۆژەیەکی ئاویان وێرانکرد کە ناوەندی دابەشکردنی ئاو بوو بۆ ٩ گوندی تری دەوروبەری خۆی. بەهۆی بۆردوومانەکانی تورکیاوە بۆسەر گوندی ئەدنیٚ، ١٢ خێزان ئاوارەبوون. وە لەگوندی میسکە، بەهۆی بۆردوومانەکانەوە خانووی چەند هاوڵاتییەکی مەدەنی و کەنیسەیەک زیانیان بەرکەوت

و لە ٢٤ خێزانی گوندەکە ١٦ خێزان گوندەکەیان چۆڵکردووە. لە گوندی سەرەڕۆ، تەواوی ماڵەکانی گوندەکە کە ژمارەیان ١٥ ماڵە بەهۆی بۆردوومانەکانەوە گوندەکەیان چۆڵکردووە. لە گوندی دشیشێ-ش لەسەرەتای دەستپێکردنی بۆردوومانەکان، ١٦ خێزان گوندەکەیان چۆڵکرد، و تەنیا ٦ خێزان مانەوە. بەڵام لە ڕۆژی ٢٥ی ئایاردا و لەدوای بریندااربوونی جوتیارێکی گوندەکە بەهۆی تۆپبارانەوە، ئەو ٦ خێزانەش گوندەکەیان چۆڵکرد. گوندی ئورە، یەکێکی تر بوو لەو گوندانەی کە تۆپخانەکانی تورکیا چەندین جار تۆپبارانیان کرد، بەڵام خێزانەکانی ئەو گوندە، کە ژمارەیان ٦ خێزانە، بڕیاریاندا کە گوندەکەیان جێنەهێڵن و ترسیان هەبوو کە ئەگەر گوندەکە جێبهێڵن لەوانەیە جارێکی تر نەتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵیان.

تاوەکو کۆتایی مانگی ئایار، بەلایەنی کەمەوە ٧٢٠ هاوڵاتی مەدەنی لە گوندەکانی کێستە، چەلکێ، هرورێ، ئەدنێ، میسکە، سەرەڕۆ و دشیشێ بەهۆیی ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکەوە گوندەکانیان چۆڵکردووە و ئاوارەبوون.



لەدوای بۆردوومانکردنی گوندەکەیان، گوندنشینانی کێستە گوندەکەیان بەجێدەهێڵن.

## زەرەر و زیانی ئابوری و ژینگەیی ئۆپەراسیۆنەکە بۆسەر ناحیەی کانی ماسێ

بوری ناحیەی کانی ماسێ بەندە بە شێوە جۆر بە جۆرەکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریەوە، لە ناویاندا بەخێوکردنی مەڕوماڵات و هەنگەوانی و جوتیاری کردن. جوتیاریکردن و هەنگەوانی سەرچاوەی سەرەکی بژێوی ژیانی زیاتر لە نیوەی ژمارەی دانیشتووانی ناحیەی کانێ ماسێ و گوندەکانی دەوروبەریەتی. لە ئێستادا ئۆپەراسیۆنی سەربازی چنگی- هەورە بروسکەی تورکیا کاریگەری مەترسیداری کردۆتە سەر ئابوری ناحیەکە.

لەسەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەوە تاوەکو ٢ی حوزەیران، بۆردوومانەکانی تورکیا بونەتە هۆی سوتانی نزیکەی ٧،٠٠٠ دۆنم زەوی و زاری گوندەکانی کانی ماسێ و بە تەنیا لە ٩ ڕۆژی سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکەدا زیاتر لە ٨٠٠ پورەی هەنگی هەنگەوانانی ناوچەکە لە ناوچوون. بەمەش بژێوی ژیانی چەندین خێزانی ناوچەکە کەوتە ژێر مەترسی و لەناوچوون. لەدوای نزیکبوونەوەی تۆپبارانەکان لە ماڵ و خانووی هاوڵاتیانی گوندەکان، چەندین خانەوادە لەترسی ئەوەی کە جارێکی تر نەتوانن بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان و بەردەوامبن لە کاری ئاژەڵداری، مەڕومالاتەکانیان بەنرخێکی کەم فرۆشت. وەهەروەها لەدوای چڕبوونەوەی بۆردوومانەکان لە سنوری کانی ماسێ، چیتر گوندنشینان ناتوانن بچن بۆ چیاکانی ئەو سنورە و گژوگیای خۆرسک کۆبکەنەوە.

لەپاڵ کشتوکاڵ و ئاژەڵداریکردندا، ئابوری کانی ماسێ پشتدەبەستێت بە کەرتی گەشتیاری. سەربەست سەبری، بەڕێوەبەری ناحیەی کانی ماسێ بە سی پی تی گووت، کە بەر لە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکەی تورکیا، کانی ماسێ ناوچەیەکی گرنگی گەشتیاری بووە."گەشتیاران بۆ بەسەربردنی پشووی کۆتایی هەفتە و سەیرانکردن، لە ناوچەکانی ترەوە سەردانی دەڤەرەکەی ئێمەیان دەکرد، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی بۆردوومانەکانەوە گەشتیاران هەست بە ئارامی ناکەن و ڕوو لە ناوچەکەمان ناکەن، چونکە ناوچەکە سەلامەت نیە."

بەهۆی بۆردوومانەکانەوە، کانێ ماسێ زەرەر و زیانی ژینگەیی گەورەی بەرکەوتووە. لەدوای کۆنترۆڵکردنی زناری لە ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکەدا، تورکیا دەستیکرد بە بڕینی دارەکانی ناوچەکە و فرۆشتنی بە کۆمپانیا تورکیەکانی دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ. بەهەمان شێوە، سوپای تورکیا لەدوای کۆنترۆڵکردنی ناوچەی حەفتانین لە ساڵی ٢٠٢٠دا دارستان و سەوزایی ناوچەکەی وێرانکرد.

## کاریگەریەکانی ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکە بۆسەر ناوچەی ئاڤا شین

سوپای تورکیا، بە ئەنجامدانی بۆردوومانی ئاسمانی چڕ بۆسەر ناوچەی ئاڤا شین لە ٢٣ی نیساندا، پانتایی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکەی فراونترکرد. لەدوای ئەو هێرشانە، سوپای تورکیا بە قوڵایی ٦-٩ کیلۆمەتر لە ئاسمانەوە بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەربازی جێگیرکرد. کە ئەمەش ڕێگە خۆشکەربوو بۆ هەڵگیرسانی شەڕ و پێکدادانێکی قورس لە نێوان سەربازانی تورکیا و ئەو گەریلایانەی پارتی کرێکارانی کوردستان کە پێشتر لە ناوچەکەدا بوون. لە سەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکەی تورکیا تاوەکو ئێستا ١٦ گوند لە ناوچەی ئاڤا شین چۆڵکراون.

لە ئێستادا بەهۆی بۆردوومان و شەڕ و پێکدادانە بەردەوامەکان، تەنانەت بەرپرسانی ئیداری ناوچەکەش ناتوانن بچنە سنوری ناوچەی ئاڤا شین. لە پەیوەندیەکی تەلەفونیدا، ئیسماعیل مستەفا قایمقایمی قەزای ئامێدی بۆ سی پی تی گووتی، "ئۆپەراسیۆنی سەربازی چنگی- هەورە بروسکەی تورکیا بۆتە سەرچاوەی مەترسی و دڵەڕاوکێ بۆ دانیشتووانی ناوچەکە. گوندنشینان هەست بە سەلامەتی ناکەن. ئێمە داوا لە تورکیا دەکەین کە ئۆپەراسیۆنەکەی ڕابگرێت و چیتر هاوڵاتیانی مەدەنی ناوچەکە باجی شەڕی نێوان تورکیا و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان نەدەن.

## بریندابوونی هاوڵاتیانی مەدەنی بەهۆی ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکە

لە ساتەوەختی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکەوە تاوەکو ٢ی حوزەیران، چوار هاوڵاتی مەدەنی بە ناوەکانی: باوەڕ ئەحمەد، عەلی موحسین، حەسەن موحسین و ڕەمەزان عەلی بەهۆی ئۆپەراسیۆنەکەوە برینداربوون.

یەکەم هاوڵاتی کە بەهۆی ئۆپەراسیۆنەکەوە برینداربوو، هاوڵاتی باوەڕ ئەحمەد بوو. لە ٢٥ی ئایاردا و لە کاتژمێر ١٠:٣٠ خولەکی بەیانیدا، باوەڕ لەگەڵ کۆمەڵێک لە جوتیارانی گوندی دشیشێ دەچن بۆ ئاودانی زەویە کشتوکاڵیەکانیان و لەوکاتەدا سوپای تورکیا تۆپبارانی گوندەکە دەکات. باوەڕ ئەحمەدی تەمەن ٢٠ ساڵ بەهۆی بەرکەوتنی پارچە تۆپێک بەر قاچی، برینداردەبێت و توشی خوێن بەربوون دەبێت. لەدوای ئەو ڕووداوە، تەواوی دانیشتووانی گوندی دشیشێ گوندەکەیان چۆڵدەکەن.

لە ٢٦ی نیساندا، دوو هاوڵاتی تری مەدەنی بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکەی تورکیاوە برینداربوون. لە کاتژمێر ٢:٣٠ خولەکی بەرە بەیانیدا، سوپای تورکیا بۆردوومانی گوندی بهێرێ-ی لە ڕۆژئاوای زناری کێستە، لە ناحیەی دەرکار لە قەزای زاخۆ کرد. پارچە تۆپێک دوو برا بە ناوەکانی: عەلی موحسین-ی ١٦ ساڵ و حەسەن موحسین-ی ٢٠ ساڵ بریندار دەکات. هەردوو براکە شوان بوون و پاسەوانیان لە نزیکەی هەزار سەر مەڕوماڵات دەکرد. لە کاتی تۆپبارانەکدا هەردووکیان خەویان لێکەتبوو.



لەدوای برینداربوونی بەهۆی تۆپبارانەکانی تورکیاوە، ڕەمەزان عەلی لە نەخۆشخانە چارەسەر وەردەگرێت.

## سەرەنجام

لە کێستەوە تاوەکو گوندی دشیشێ، تورکیا بە یەک ستراتیژی ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکەی ئاراستەکرد. لە سەرەتادا، تورکیا بۆردوومانی ناوچەیەکی دیاریکراوی هەرێمی کوردستان دەکات و دوای بۆردوومانەکان، سەرباز لە ناوچەکە جێگیر دەکات بۆ دروستکردنی بارەگای سەربازی. جێگیربوونی سوپای تورکیا لەو ناوچانەدا ڕێگە خۆشدەکات بۆ هەڵگیرسانی شەڕ و پێکدادان لە نێوان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیا. ئەو شەڕ و پێکدادانانەش دەبنە هۆی بەردەوامی جارێکی تری بۆردوومانەکان و دروستکردنی بنکە و بارەگای سەربازی نوێ. لە دوای دروستکردن و بنیاتنانی بارەگای سەربازی، تورکیا دەستدەکات بە تۆپبارانکردنی گوندەکانی دەروبەری بارەگا سەربازییەکان. ئەو تۆپبارانانە مەترسی دروستدەکەن بۆسەر ژیانی ئەو خێزانانەی کە لەو گوندانەدا دەژین. هەر کاتێک کە تۆپبارانەکان نزیک بوونەوە لەگوندەکان و خانوو وماڵی هاوڵاتیانی مەدەنی، ئەوکاتە خێزانەکان گوندەکانیان چۆڵدەکەن و بەمەش کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە لە لایەن تورکیاوە ئاسانتر دەبێت.

لە سەرەتای ڕاگەیاندنی ئەو ئۆپەراسیۆنەوە تاوەکو ئێستا، تورکیا لە سنوری نێوان تورکیا-عێراق، ٩ کیلۆمەتر پێشرەوی کردووە بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان و ٤ بارەگای سەربازی نوێی دروستکردووە. لە بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکەدا، تورکیا ئاراستەی پێشڕەوی سوپاکەی بەلای ڕۆژهەڵاتدا بۆ گوندەکانی دشیشێ، ئورە، سەرەرۆ، میسکە و ئەدنێ درێژ کردۆتەوە. لە ئێستادا تورکیا ژمارەیەکی زۆر ناوچەی شاخاوی سنوری نێوان تورکیا-عێراقی داگیرکردووە. بەڵام ئەوە ستراتیژیەکی نوێ نیە. بەڵکو تورکیا لە ساڵی ٢٠١٧ەوە چەندین جار ستراتیژیەتی لەم شێوەیەی گرتۆتەبەر و ٦-٣٥ کیلۆمەتر بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان پێشڕەوی کردووە و بنکە و بارەگای سەربازی دامەزراندووە و ناوچەی سنوری خۆی بەرفراوان کردووە. ئەم پێشڕەویانە بوونەتە هۆی ئاوارەبوونی هاوڵاتیانی مەدەنی لە ناوچەکانی سیدەکان، حەفتانین و زاپ.

لە کاتێکدا بەرپرسانی تورکیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئۆپەراسیۆنی سەربازی چنگی- هەورە بروسکە، بە دروستکردنی "ناوچەی ئارام" بۆ پاراستنیان لەگەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، هەڕەشەی تیرۆر لە ناوچەکەدا ڕیشەکێش دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئۆپەراسیۆنی سەربازی چنگی- هەورە بروسکە بۆتە مایەی شەڕ و جەنگ لە ناوچەیەکدا کە هاوڵاتیانی مەدەنی تیایدا نیشتەجێن. ئەوانەی کە لەو شەڕ و پێکدادانانەدا دەبنە قوربانی نە سەربازانی تورکیا و نە گەریلاکانی پەکەکەن، بەڵکو هاوڵاتیانی مەدەنی کە لەو ناوچە سنوریانەدا دەژین کە شوێنگەی جەنگی تورکیا و پەکەکەن، قوربانی سەرەکی ئەو شەڕەن. لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکەدا، تورکیا ناوچە سنوریەکانی هەرێمی کوردستانی کردووە بە گۆڕەپانی شەڕ بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە و ناکۆکیە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی و ئەمەش زەرەر و زیانی گەورەی گەیاندووە بە ژیانی تەواوی ئەو خێزانانەی کە لەو ناوچە سنوریانەدا دەژین.

تاوەکو ئێستا، ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکەی تورکیا، بۆتە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر ١،٥٠٠ هاوڵاتی مەدەنی لە ٢٣ گوندی ناحیەی کانی ماسێ و ناوچەی ئاڤاشین. تیمی کوردستانی عێراقی سی پی تی، مەترسی خۆی ڕادەگەیەنێت لەوەی کە ئەو خانەوادانەی هەرگیز نەتوانن بگەڕێنەوە بۆسەر ماڵ و ژیانی ئاسایی خۆیان، بەهۆی دروستکردنی بنکە و بارەگای سەربازی و کۆنترۆڵکردنی چیاکانی دەوروبەری ئەو گوندانە کە مەترسی ئەوە هەیە ئەو

بارەگایانە بۆ هەمیشەیی لەو ناوچانەدا بمێننەوە. ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکە، زیانی گەیاندووە بە سەرچاوەی سەرەکی بژێوی ژیانی ئەو خێزانانە. ئەوان ناتوانن چیتر لە زەوی و زارەکانیاندا کشتوکاڵ بکەن. ئاژەڵ بەخێوبکەن و گژوگیا کۆبکەنەوە. ئەو خانەوادانەی کە سەرباری بۆردوومانکردنی ماڵەکانیان بڕیاریانداوە کە لە گوندەکانیاندا بمێننەوە، لە ئێستادا ڕووبەڕووی مەترسی مەرگ و برینداربوون دەبنەوە. هەتاوەکو تورکیا بەردەوام بێت لە بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی وەکو ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکە، هاوڵاتیانی مەدەنی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەردەوام ڕووبەڕووی مەترسی برینداربوون و کوژران و ئاوارەبوون دەبنەوە.

## ڕاسپاردەکان

**تیمی کوردستانی عێراقی سی پی تی، داوادەکات کە:**

- تورکیا، بەپەلە ئۆپەراسیۆنی چنگی- هەورە بروسکە لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕابگرێت و ڕێگە بە گەڕانەوەی هاوڵاتیانی مەدەنی بدات بۆ ناو گوند و زەوی و زارەکانی خۆیان.

- حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، دڵنیایی بدەن لە پاراستنی ژیان و مافی هاوڵاتیانی مەدەنی لە هەرێمی کوردستانی عێراق و کەرەستە و کەلوپەلی پێویست بۆ ئەو خێزانانە دابینبکرێت کە ئاوارە بوون و قەرەبووی زیانەکانیان بکرێتەوە.

- نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا، دامەزراوە و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی تر دەستبکەن بە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە سەرپێچیکردنی ڕێککەوتن و یاسا نێودەوڵەتییەکان لەلایەن سوپای سەربازی تورکیاوە، بەتایبەتی ڕێساکانی دژ بە بەکارهێنانی جیاکاری و بە ئامانج گرتنی هاوڵاتیانی مەدەنی لە جەنگدا.

- ئەو وڵاتانەی کە هاوکاری سەربازی تورکیا دەکەن، هاوکاریەکانیان ڕابگرن تا ئەوکاتەی تورکیا دەستهەڵدەگرێت لە بەردەوامیدان لە بە ئامانج گرتنی هاوڵاتیانی مەدەنی و ئاوارەکردنیان.

## پاشکۆ - پێناسی جوگرافی



بێستانێکی سوتاو بەهۆی بۆردوومانەکانی تورکیا لە زناری کێستە.

زناری کێستە دەکەوێتە چەند کیلۆمەترێک لە خوار باشوری سنوری نێوان تورکیا-عێراق و ٢،٣٠٠ کیلۆمەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و بە بەرزترین شاخ دادەنرێت لە سنوری ناحیەی کانی ماسێ-دا. پانتایی دامێنی چیاکە بە داری میوە و زەوی کشتوکاڵی و لەوەڕگای ئاژەڵ داپۆشراوە کە سەرچاوەی دابینکردنی بژێوی ژیانی زیاتر لە هەزار هاوڵاتی گوندەکانی کێستە، هروری، چەلکێ، ئورە، ئەدنێ، سەرەڕۆ، دشیشێ، میسکە و گوندەکانی ترن. بەرهەمی سەرەکی ئەو گوندانە میوە، سەوزە، مزرەمەنی و گیای خۆڕسکە. وە ئەو گوندانە ڕێژەیەکی زۆری هەنگوین، ماست، گۆشت و هێلکە بەرهەم دەهێنن.

بۆ زۆرینەی خێزانەکان، گوندەکان تاکە بنە و ماڵی ئەوانن. هەندێک خێزان لە شارۆچکە نزیکەکانی دەوروبەریان، وەکو بێگۆڤا، باتیفا و زاخۆ بنەی تریان هەیە. هەندێکی تریش لە خێزانەکان بەهۆی دەرفەتی کاری زیاتر و خوێندنی منداڵەکانیان لە دهۆک دەژین و بە پێی وەرزەکانی ساڵ بۆ کێڵانی زەویەکانیان و لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتیان دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان. دانیشتووانی ئەو گوندانە بڕوای ئایینی جیاوازیان هەیە. یان کوردی مسوڵمانن یاخود ئاشوری مەسیحین.

ئاڤا شین، ناوچەیەکی شاخاویە و بە دووری ٨٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کێستە. ڕوباری باسیا و ئاڤا شین کە شاخەکانی ئاڤا شینیان کردووە بە دوو بەشەوە، دوو سەرچاوەی ئاوی سەرەکین بۆ هەر یەکە لە زێی گەورە و ڕوباری دیجلە.لەپاڵ دەوڵەمەندی ناوچەکە بە کشتوکاڵ و سەرچاوەی ئاویەوە، ژمارەیەکی زۆر لە گەریلاکانی پەکەکە لەو ناوچەیەدا ئامادەییان هەیە. هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆن و هێرشە ئاسمانیەکانی تورکیا بۆسەر ناوچەی ئاڤا شین، لە ساڵانی ١٩٩٠ەوە تاوەکو ئێستا ٨٥ گوندی ناوچەکە لە دانیشتووانەکەی چۆلکراون.

## نەخشەی هەژموون و فراوانکردنی دەسەڵاتی سەربازی تورکیا لە هەرێمی کوردستانی عێراق

